# ڕەنگ دانەوەی خەباتی بارزانی نەمر لە ئەدەب و کولتوری کوردەواری و لە سەر زمانی گەورەپیاوانی جیهانی دا

## ئەحمەد دەشتی

هەژاری دانیشمەندو نەمر زۆر بەسەربەرزی و شانازیەوە لەشیعرێکی داکە دەربارەی کەسایەتی مەزنی بارزانی نەمرەوە هەستی خۆی دەردەبڕێت و دەفەرموێ :



ئەگەر دونیا تەم و مـــــژو تاریکە
ئەگەر ڕێگا کەندو کلــــــۆو باریکە
ئەگەر شەوەو گرمەی هەور و بارانە
ئەگەر بەفرەو شـــــلێوەیە و تۆفانە
ئەگەر گـــــــــێژو کرێوەیەو بۆرانە
ئەگەر لە هەرجێ دا چەتەو گۆرانە
تـــۆ ڕێ نیشـــــــاندەری لاوانی
بۆ پێشەوە پێشـــــمان کەوە بارزانی
ئەگەر هەوار نشـــــێوە یان هەورازە
ئەگـــــەر لەهی و لافاوی بێ پێ بازە
ئەگەر چەقەو لورەو مرەی دەعبـــایە
هەموو دەرو دۆڵێك پڕی حـــــەزیایە
ئەگەر لەهەڕین بەردێ نەعرەی دێوە
هەر پێچێك پڕی لە جندو خـــــێوە
باکمان نیە هێزو گـــــــــوڕو دڵمانی
بۆ پێشـــــەوە پشمان کەوە بـــارزانی

کەسایەتی بارزانی نەمر هەر لە سەرەتای ژیانیەوە وەك سەرکردەیەکی دیار لەو بنەماڵە خەبات گێڕەوە سەری هەڵداوە ، کە لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی خاك و نەتەوەکەی دا هەتا ئەو ڕۆژەی کە سەری نایەوە وەك قارەمانێك ورابەرێکی لێ هاتوو و شارەزاو شامێرێکی مەزن و ماندو نەناس هاتە مەیدانەوە و بە گیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و دلسۆزی خاك و نەتەوەکەی جلەوی کاروانی بزوتنەوی ئازادیخوازی گەلی کوردی ژێر دەستەی داگیرکەرانی گرتە دەست، بارزانی زۆر دلێرانە لەو ڕێگە پیرۆزەدا خۆی بەخت کردو تەنانەت ساتێکیش نەسرەوت و هەموو هیواو ئاواتێکی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستان بوو، بۆ ئەو مەبەستەش زۆرقارەمانانە ڕوو بەڕووی ئەو داگیرکەرە دڕندانە بۆوە ، بارزانی هەر لە سەرەتای ژیانیەوەو لە سەردەمی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بۆ ڕزگاری لە ژێر چنگی زوڵم و زۆرداری و چەوساوەیی دا هەمیشە لە خەبات

www.kurdistannet.org

وتێکۆشان دا نەوەستاوە و بوەتە درکی ناو چاوی نەیارانی کوردوکوردستان،دوژمنانی کورد هەردەم بەوپەڕی دڕندایەتیەوەکوردیان چەوساندۆتەوە و نامرۆڤانە پەلاماری کوردستانیان داوە و هەرچی کە لە دەستیان هاتبێ بەو گەلە هەژارو چەوساوەو بێ مافی ژیانیان کردووە ،داگیرکەرانی کوردستان هەرگیز درێغیان لە کووشتن و پەلاماردان و خاپورکردنی کوردستان بە هەموو جۆرە چەکێکی کوشەندەو تەنانەت چەکی قەدەغەکراوی جیهانیش وەك ناپالم وچەکی کیمیایی نەکردووە و مرۆ کوژانە هێرشیان بۆ سەر گەلی کورد و کوردستان هێناوەو هەر لەسەرەتای سالانی بیستەکانەوە دژ بە گەلی کورد وەستاون، بە تایبەتی لەو دەمانەی کەشۆڕشەکانی کوردیان کپ کردن،لە سەردەمی نەمرو هەمیشە زیندوو شێخ عەبدولسلامی بارزانییەوە ڕا کە ئەو سەرکردە کوردە دلسۆزەیان لە سێدارە دا ،ئەو سەرکردە مەزنە کوردە بارزانیەی کە هەر لە سەردەمی زوودا خۆی کردە قوربانی بۆ کوردو کوردستان و بە داگیرکەرانی گوت: کە کوردستان مالی کوردەو جێگەی داگیرکەرانی لێ نابێتەوە ،هەرلەو ڕۆژگارانەوە تا ئەمرۆشی لە گەل دابێ نەیارو داگیرکەرانی کوردستان لە هەرچوار لاوە هێرشیان هێناوەتە سەر نیشتمانی کوردو ئەم گەلە ئازادیخواز و نیشتمانپەروەریان بە هەموو شێوەیەك داپلۆسیوەو بە هەزاران ڕۆلەی قارەمانی کوردیان شەهید کردووەو لە زیندانە ڕەشەکانیانداوبەسێدارەو ئازارو زەبرو زەنگ بەهەزاران کوردیان لە ناو بردووەو کوردستانیان خاپور و وێرانە کردووە ،ئەگەر ئاورێك لە دیرۆکی پڕ لە ژان و ئازار و نەهامەتیەکانی ئەم گەلەکوردە چەوساوەیە بدەینەوە دەبینین کە بە سەدان قارەمانی خاکپەروەر هاتۆنەتەکۆڕی مەیدان و دژی داگیرکەرانی کوردستان گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی و ڕوو بە ڕووی دوژمنانی دڕندە بوونەتەوە ،هەر لە دوای سەرهەلدانی بیری نەتەوایەتی و پەیدابوونی کۆلۆنیالیزم لە کوردستانی داگیرکراو دا گەلی کورد بە سەدان ڕۆلەی دلێر و قارەمانی پێ گەیاندووەو هاتوونەتە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی بزوتنەوەی ئازادی خوازی و کوردو داوای مافە ڕەواکانی گەلی کوردیان کردووەو لەو ڕێگەوە بیری کوردایەتی ونیشتمانپەروەریان لە تەواوی کوردستان دا بەرەو پێشەوە بردووە .

بارزانی نەمریش هەر لە سەرەتای ژیانیەوە کە لە دایك دەبێ واتە لە سالی ١٩٠٣ دا لە بارزانی مەلبەندی خەبات و ڕاپەڕین و تێکۆشان چاوی دەکاتەوەو دێتە جیهانەوە و لە تەمەنی شەش سالیدا دەکەوێتە زیندانەوەو لە بەندیخانەی موسل لە گەل دایکی ئازیز و نەمری دا بەندی دەکرێن و لە ناو زیندانی ڕەشی دوژمنانی کوردو کوردستان دا بۆ ماوەیەك دەمینێتەوە .

بارزانی نەمر هەر لە تەمەنی لاویەتی دا هەستی پاکی کوردانەی دەجوشێت و چاوی بە چەوساوەیی و هەژاری و ڕەتێندراوەیی و ئەو هەموو زولم و زۆرداریەی کە لە سەر گەلە هەژارەکەی خۆی دەکرێن دژیان دەوەستێت و گیانی پاکی کوردایەتی و دلسۆزی بۆ کوردو کوردستان دەجۆشێت و ویژدانی دلسۆزانەو خاکپەروەرانەی دەجولێن هەر بۆیەشە کە پەیمان بەکوردستانی خۆی دەداتن کە تا ئەو ساتانەی گیانی ماوە خۆی لە ڕێگەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەخت بکاتن و هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان موساوەمە لە سەر مافە ڕەواکانی میللی خۆی نەکاتن و تا هێزی لە جەستە دامابێ وەك پێشمەرگەیەکی سەرکردە و لێ هاتوو بەرەنگاری ئەو هێزە چەکدارو پڕ لە توانایانەی ئەوداگیرکەرە دڕندانە دەبێتەوەو ڕادەوەستێت و بە بیرو باوەڕی بەرزی کوردایەتی ڕووبەڕووی هێزو دوژمنە پڕ لە چەك وجبەخانە دەبێتەوە و هەرگیز سل لەو داگیرکەرە دڕندانە ناکات و بە بیرو باوەڕی پاکی ڕاستەقینەی کوردایەتی لە پێناوی ڕزگاری دا بوەتە چقلی چاوی داگیرکەران، هەرچەند دوژمنان بەتۆپ و تەیارە و هەموو هێزە سەربازیەکانیانەوە

شەڕیان بە سەر کوردستانەوە دا سەپاندووەوکوردستان زیاتر وێران کردبێتن ئەوا بارزانی نەمر بیرو باوەڕی ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەی زیاتر لە ناو دل و دەروون دا دەچەسپێت و حیرسی مەردانەو دلێرانەی بە هێز تر دەبێت و دێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و ڕوو بە ڕوو ی ئەو هەموو زل هێزانەو داگیرکەرەدڕندانەو فاشست و نامەردانەی دژ بە کوردو کوردستان دەبێتەوەو بەو پەڕی ئازایەتی و قارەمانیەتیەوە تەنگیان پێ هەل دەچنێتن.

دەبینین کە هەر لە سەرەتای سالانی ١٩١٧ دا بارزانی نەمر بۆ کارو باری هاوکاری کردنی شۆڕش لە ناوچەی باکوری کوردستانەوە لە گەل پێشمەرگە دلێرەکانی خۆی دا دەچێتە موش و لەوێ چاوی بە شێخ عەبدوالقادری نەهری و شێخ سەعیدی پیران دەکەوێت و هەموو هێز و توانایەکی خۆی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکانی ئەو ڕۆژگارانە تەرخان دەکاتن،چونکە بارزانی نەمر هەرگیز باوەڕی بەو سنورە دروستکراوەی ئەمڕۆی کوردستان نەبووە و هەمیشە کوردستانیانەی بیر کردۆتەوە و بە کردەوەش ئەمەی سەلماندووە کە لە هەرشوێنێ پێویست بووبێ ئەوا بارزانی نەمر بە هەستی پاك و دەست و بازووی پۆلاینی خۆی و پێشمەرگە دلێرەکانی ئامادە بووەوو لە جەنگەی بەرەنگار یان و ڕوو بەڕوو بونەوەی هەموو هێزێکی داگیرکەرانەوە وەستاوە،بارزانی نەمر هەمیشە لە هەموو سەرکەوتنە پڕ لە ئازایەتیەکانی بە سەر دوژمنان دا قەت و قەتیش مەغروور نەبووەو هەرگیز لە شکەست و سەرنەکەوتنیش دا بارزانی نەمر بێ هیواو بێ ئاواتی سەرکەوتنی گەلی کورد نەبووەو قەتیش ورەی بەرزی خەبات و تێکۆشانی نەڕوخاوە،باشترین بەلگەش شۆڕشە پڕ لە تواناو هێزەکانی بارزانی نەمرە هەر لە شۆڕشی مەهابادی خوێناویوە تا شۆڕشی ئەیلولی مەزن و هەمیشەحەکیمانەو لێزانانە بۆ نەفەوتان و لە ناو نەچوونی گەلی کورد زۆر هوشیارانە هەنگاوی هاویشتووەو ڕێگەی بە مال وێرانی زۆری گەلەکەی نەداوە .

هەر لەو ڕۆژگارانەی سەردەمی زوودا دەبینین بارزانی نەمر بە فەرمانی شێخ ئەحمەدی برا گەورەی خۆی هێزێکی گەورە پێك دێنێت و بەرەو سلێمانی بەڕێ دەکەوێت و بۆ هاوکاری و یارمەتی دانی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر کە لەو ڕۆژگارانە دا سەری هەلدا بوو دەچێتن،لەو ڕۆیگەیەدا توشی بە شەڕو شۆڕێکی زۆر دەبێت و ڕوو بەڕووی هێزی داگیرکەران و خۆ فرۆش و پیاوانی دوژمنان دەبێتەوە و زۆربەی هێزەکانی کوردی سەر بە ئینگلیز لە گەل بارزانی دا بە شەڕ دێن و لە ناوچەی بالەك دا دەیانەوێ ڕێگە لە چوونی بارزانی بۆ ناوچەی سلێمانی بگرن و بەلام هێزی بارزانی دوژمنان تێك دەشکێنێ و بەرەو سلێمانی دەڕۆن،بەلام بە داخەوە تا دەگەنە ناوچەی سلێمانی شۆڕشی ئەو سەردەمە بە دەستی ئینگلیزەکان و دوژمنانی کورد ئەو شورشە نامینێ و کپ دەکرێتن .

لە سالانی ١٩٢٠ تا ١٩٢١ دەبینین چۆن گیانی مرۆڤ دۆستی دەجولێت و چەند سەر بەرزانە لە سەر بڕیاری برا گەورەی شێخ ئەحمەدی نەمر بەرەو کوردستانی باکور بەڕێ دەکەوێت و بە مەبەستی هاوکاری و یارمەتی دانی برا ئەرمەنیەکان کە بەر شالاوی هێرشی نارەوای تورکەکان دەکەون و بارزانی نەمر زۆر قارەمانانە دەچتە ناوچەی کوردستانی باکورو لەوێ سەربەرزانە هاوکاری (ئەندرانیکی) پاشای ئەرمەنیەکان دەکاتن لە کاتی ڕەشە کوژیەکەی دژ بە ئەرمەنیەکان بە دەستی کەمالیستە تورکەکانەوە و (ئەندرانیك )و خاوو خێزانی ئەو ئەرمەنیانە لە ژێر چنگی تورکەکان ڕزگار دەکات و بەرەو سوریایان دەباو بە سەلامەتی دەربازیان دەکەن و لە گەڕانەوەش دا توشیان بە شەڕ و شۆڕێکی زۆر لە ناوچەی زاخۆ دا دەبێت وکۆمەلێ لە پێشمەرگە قارەمانەکانی شەهید دەکرێن و بارزانی بە ناو ئەو هەموو دوژمنانەی کوردو کوردستان دا دەگەڕێتەوە مەلبەندی خەبات و تێکۆشانی بارزانی زێدی قارەمانان.

بارزانی نەمر کە دەچێتە کوردستانی ڕۆژهەلات و بۆ هاوکاری کردن و سەرخستنی کۆماری مەهاباد وك کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕو ناودارو دیار لەو کۆمارە ساوایە دەردەکەوێت و لە گەل تەواوی پێشمەرگە دلێرەکانی خۆی لە گەلێ شەڕو شۆڕ دژی ڕژێمی ئێرانی سەردەکەوێت و هەمیشە دوژمنابی خۆی شکاندووەو نەیان توانیوە کە بە سەر بارزانی لە مەیدانی تەواوی شەڕەکان دا زال بن و هەمیشە بارزانی نەمر دەستی کوشەندەی خۆی لە دوژمنان وەشاندووەو پارێزگاری لەو کۆمارە ساوایەی مەهابادی کورد کردووەو خۆی بە پێشمەرگەیەکی ئازادیخوازی گەلەکەی خۆی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا زانیووەو ، تا بە داخەوە کە کۆماری مەهاباد شکەست دەخوات و بارزانی نەمر دیسان تەسلیم بە دوژمنانی نابێتەوە لە شەڕ و پێك دادانێکی زۆر بەرەو چۆمی ئاراس دەڕۆن ولە دوای دەها شەڕی سەرکەوتوانە لە گەل ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێرانی دەگەنە یەکێتی سۆڤیەت و ماوەی دوازدە سالان لە نامۆیی و ژیانی غەریبی دا دەبەنە سەر ،خۆ ئەگەر داستانی بەرەو سۆڤیەت و ئەو کۆچە مەزنەی بارزانی نەمر و هەڤالانی بەرەو سۆڤیەت بکرێ بە فیلمێکی سینەمایی و بخرێتە سەر شانۆی سینەماو پیشان بدرێن پێم وایە کە باشترین و گەورەترین و بە هێز ترین فیلمی بەرگری و بەرخودان و پالەوانەتی بارزانی نەمرو هەڤالانی دەردەکەوێتن کە چۆن لەو ماوەیەدا دوژمنان لە هەرچوار لاوە ویستویانە کە نەیەلن ئەو هێزە شۆڕشگێڕو قارەمانانەی بارزانی نەمر لە سنورەکانەوە دەرباز بن و بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بڕۆن ، بەلام بارزانی و هەڤالانی لە گەل ئەو هێزە زلەی دوژمنان دا بەرەنگار دەبنەوە و لە ئەنجام سەربەرزانە بەرەو ئەو قوناغەی کە بۆی دەچن دەگەنە جێگەی خۆیان و دوژمنان لە هەر چوار لاوەبە نا ئاکامی دەمێنێنەوەوبارزانی و هێزەکەی لەئاراس دەپەڕنەوە .

ئەگەر بە وردی سەیری مێژووی پڕ لە شانازی و خەباتی بێ وچان و پڕ لە قارەمانەتی بارزانی نەمر بکەین و دەبینین هەر لە سەرەتای یەکەمین شۆشی بارزان لە سالانی ١٩٣١ دا کە توشیان بە هێرشی داگیرکەران دەبێتن و دوژمنان هێرێشێکی ناڕەوایانە دەکەن سەر ناوچەی بارزان و بە هێزێکی زۆری ئەو سەردامانەو بۆمباران کردنی ئەو ناوچانە پەلاماری کوردستان دەدەن ، بەلام بارزانی نەمر لە زۆربەی شەڕەکانی ئەو ڕۆژگارانەدا سەرکەوتوانە دەردەچێت و دوژمنانی کورد شکەست دەخۆن و زەرەرو زیانێکی زۆریشیان وێ دەکەوێتن و بە سەر شۆڕیوە پاشە کشە دەکەن، شـــەڕەکانی ( بەرقی بەگ)و ( دۆلی قاژێ )و هەموو شەڕەکانی تری ئەو ساتانەو ڕۆژگارانە بەلگەی ئەو ڕاستیانەن کە زۆربەیان بە سەرکەوتنی بارزانی نەمر تەووا دەبێت و نەیاران شکەست دەخۆن ،ئەمەش بۆ خۆی نیشانەی لێ هاتووی و ڕابەرایەتی و زانایەتی بارزانی نەمرو ڕۆلە پێشمەرگەکانیەتی کە لە مەیدانی شەڕی پارتیزانی دا ئاوا کارامەو لێ هاتووبوونە ، ئەمە بۆ خۆی دیاردەیەکی پڕ لە هەستی پاك و بیرو باوەڕی بە هێزی نیشتمانپەروەری بەرزی بازانی نەمر و پێشمەرگە دلێرەکانیەتی کە لە هەموو شەڕەکانی ئەو سالانەدا بە سەر دوژمناندا زال دەبوون.

دەبینین بارزانی نەمر هەمیشە هیوای ئاشتی و ئارامی و ئاسایش هەبووە لە کوردستان دا ،هەرگیز هۆکاری شەڕ داسەپاندن و پەلامار دان بۆ سەر دوژمنان نەبووەو قەت بۆ شەڕ کردن دەست پێشخەر نەبووە و هەرگیز حەزی لە خوێن ڕشتن و کوشتنی خەلکی بێ تاوان نەکردووە و هەمیشە بارزانی نەمر ویستویەتی کە بە ئاشتی و ئاسایش و تەبایی لە گەل گەلانی تر بژیت و مافە ڕەواکانی گەلی کورد بە دەست بێنێ و لە هەرکاتێ کە دوژمنانی کوردو کوردستانیش شەڕیان بە سەر بارزانی داسەپاندبێ ئەوا بارزانی نەمر بە ناچاری و بۆ پاراستنی کەرامەت و شەرەفی میللەتەکەی قارەمانانە بەرگری کردووە و تا ئەو ڕۆژەی کە سەریشی نایەوە دوژمنانی کوردو کوردستان نەیان توانی کە تەنیا

ڕۆژێکیش بە سەر هەست و ویست و خواستی بارزانی نەمر بە هێزی سەربازی پڕ لە توانایانەوە زاڵ بن،هەمیشە دوژمنانی کورد شەڕیان بە سەر بارزانی و گەلی کورد داسەپاندوە و هەمیشەش هەر شکەستیان خواردووە ،ئەوەش دیارو ڕوونەو لە بەر چاوی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و دلسۆزە کە بارزانی نەمر لە هەر کات و ساتێك دا دەستی ئاشتی بۆ درێژ کرابێ و هەرگیز ئاشتی ڕەت نەکردۆتەوە ،کە ئەمە بۆخۆی دیاردەیەکی مەردایەتی و گەورەیی و هەستی پاکی بارزانی نەمرە کە قەت وقەت شەڕ خواز نەبووە ،لە ماوەی ژیانی پڕ لە قارەمانەتی و ئازایەتی بارزانی و لێ هاتوویی دا وەك سەرکردەو سیاسەتمەدارێکی کوردو پڕ بە پیستی ڕۆژگاران و سەردەمی خۆی لە ماوەی سەد سالی ڕابووردوو دا وەك سەرکردەیەکی بێ وێنە و مەزن هەلکەوتووەو سەربەرزانە ژیاوە .

بارزانی نەمر لە ماوەی ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی دا قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان هەرگیز دەستی بۆ کاری مرۆ کوژی و کاری ترۆرستیانە نەبردووەو هەرگیز بە وە ڕازی نەبووە کە پەلاماری خەلکانی بێ تاوان لە شارو گوندو شارۆچکەکانی ناو دوژمنانیش بدرێن، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بڕیاری ڕەشکوژی خەلکی نەداوە، بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر قەت و قەت دەستی بۆ کاری ترۆریستانە نەبردووەو بە ناوی تۆلە سەندنەوەش قەت ئەم کارە ترسنۆکانە لە ماوەی ژیانی بارزانی و ڕێبازە مەرزنەکەی دا ڕووی نەداوە ،لە گەل ئەوەش کە هەمیشە توانداروە گەلێ کاری ئاوا بۆ تۆلە سەندنەوە بکرێن،بەلێ حیکمەتی ڕاست و دروستی بارزانی نەمر قەت باوەڕی بەوە نەبووە کە تاوانباران و بێ تاوانان وەك یەك بژمێردرێ و بۆ ڕواندنی ترس لە ناو دلی خەلك و دوژمنانیش دا کاری ناڕەوایانەو مرۆ کوژانە ئەنجام بدرێن بارزانی نەمر هەرگیز بڕیاری ئەم کارەی نەداوەو ئێستاش هەر لە سایەی حیکمەت و قارەمانەتی ئەو سەرکردە ڕابەرە نەمرەمانە کە پێڕەوانی ڕێبازەکەی قەت دەست بۆ کاری دژ بە مرۆڤایەیەتی و ترۆریستی نابەن و هەمیشە دژ بەو کارە ناڕەوایەن.

من کە خۆم بە سەر بەرز دەزانم لەوەی کە پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بە سەرکردایەتی بارزانی نەمر و شۆڕشی گولانی سەرکەوتو بوویمە ،هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستم بەوە نەکردووە کە بارزانی نەمر بڕیارێکی وای دابێتن کە دژ بە مرۆڤایەتی و یان بۆنێکی ترۆریستانەی لێ بێتن و هەمیشە بەو پەڕی دلسۆزیەو ڕوانیویەتە ژیانی هەموو مرۆڤێك و ڕێگەی بەوە نەداوە کە تەنانەت کارێکی وا بکرێتن ئەگەر شکەستیش بێتن بۆ دوژمنان و گیانی چەند کەسانی بێ گوناه بکەوێتە خەتەرەوە و یاخود کارێکی ناڕەوایانە بکرێتن،بارزانی نەمر هەمیشە دەیفەرموو دەبێ کارێکی ئاوا ئەنجام نەدرێتن کە ببێ بە هۆکاری زیان گەیاندن بە خەلکانی بێ تاوان،ئەم سیفەتە مەزنەی بارزانی هەر لە درێژایی ڕۆژانی دەست بە خەبات کردنی لە پێناوی ڕزگاری و ئازادیخوازی دا دیاردەیەکی دیارو ئاشکرایە کە ئەمە بۆخۆی جێگەی شانازیەکی گەورەو دلسۆزیەکی مەزنە بۆ گیانی پاکی بارزانی نەمرو ئەو شامێرەی ڕەمزی کوردایەتیماو ڕێبازە مەزنەکەی.

بۆیەکە دەبینین کە دەنگی ڕەسای بارزانی هەمیشە زیندوومان لە ناو دل و دەروونی سەدان ڕۆلەی ڕۆشەنبیرو خاکپەروەرو دلسۆز و شاعیران و نوسەرانی کورد و کەسایەتیەکانی ناو میللەتانی تریش لە عەرەب و فارس و خەلکانی تریش دەردەکەوێتن کە باسی هێژایەتی و گەورەیی ئەو سەرکردە کوردە مەزنە و دلسۆزە دەکەن و دەبینین کە لە سەر زمانی ناودارانی جیهانیش باسی سەربەرزی و شامێری بارزانی کراوە .

له سالی ١٩٤٥دا بالیۆزێکی ئەمریکا لە تاران بە ناوی جۆرج ڤالان دەلێت: مستەفا بارزانی وەك پیاوێکی خاوەن شکۆ و لێ هاتوو ناوی دیارە و دەلێت : سیمای ئەو دووچاوە تیژانە و ڕوخساری ئەو مرۆیە دیارە کە مرۆیەکی بەرز و ئازاو ورە بەتین و نەترسەو هەر لە تاڤی لاویەتیەوە جلەوی کێشەکانی زۆر بە توندی و دروستی گرتۆتە دەست بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کە سەرخستنی کێشەی ڕەوای کوردە ، ئەو سەفیرە ئەمریکاییە دەلێت: بارزانی بە درێژایی سالانی ڕابەرایەتی کردنی بزاڤی گەلی کورد توانیویەتی کە شارەزایی و لێ هاتوویی خۆی و دیبلۆماسیەتی خۆی و دارژتنی نەخشەی سەربازی و بۆ سەرکەوتنی کێشەی کوردو ئامانجەکانی بخاتە ڕوو هەروەها پسپۆریەتی و شارەزایەتی تەواوی هەیە لە بواری ژیان ناسی دەورو بەری خۆی دا .

هەروەهائەبولحەسەنی تەفرەشیان کە یەکێکە لە ئەفسەرانی ئێرانی دەلێن:

لە بیرمە لە مەهاباد لە لایەن میرحوسێن خان وەزیری بەرگری قازی موحەممەد دەرکەوتین، مەلامستەفام بینی وەك پەیام بەرێك لە ناو هەڤالانی خۆی دا وەستا بوو، فیشەکی بە سەریان دا دابەش دەکرد، بۆیان دەدوا، کاتێك کە منی بینی زۆر بە گەرمیەوە بەرەو ڕووم هات، پێشتر ئەوم دەناسی، پاش ئەوەی کە ئێمەی بینی گوتی: من پێشەوەری نیم و پەناهیانیش نیم کە لە کاتی ئاشتیدا سەرۆکی ئەرکانی سوپا بم و لە کاتی شەڕیش دا کت و پڕ سەر لە باکۆوە دەرینم خۆم و ئەم تفەنگەم کە (تفەنگەکەشی بەدەستەوە بوو) هەتا ئەم تفەنگەم بە دەستەوە مابێ، خۆم خاوەنی خۆمم، خزمەتکاری هیچ هێز و حکومەتێکیش نیم نە ئینگلیز نە ئەمەریکا نە ڕووس.

تەفرەشیان دەلێت پاش ئەوەی پتر لە گەل یەك دواین هەستم بەوە کرد کە بارزانی لە ڕووی سیاسیەوە بەرچاوی ڕوونە هەر خۆی بە هەمان شێوەوە دەیگوت: ئەوە هەل و مەرجی دونیایە کە ڕووسەکان یارمەتی ئێمە دەدەن. ئەوان ئێستا لەم ناوچەدان پێویستیان بە ئێمە هەیە، بۆیە ئێمەش دەتوانین لە پێناوی سەرفیرازی بوونی کوردستان سودیان لێ وەر بگرین، من کۆمۆنیست نیم، فیۆدالیش نیم من دیموکراتم.

بەلێ ئەو هەستە مەزنەی بارزانی لەو ڕۆژگارو سەردەمانە دا بەڕاستی تا بلێی بەرزەو ، بارزانی نەمر نیشانی دا کە مرۆی هیچ کەسێك نیەو کوردێکی دیموکرات و سەربەرز و ئازاو مەزنە کە خەبات و تێکۆشانی پڕ لە شانازی ئەو کەسایەتیە گەورەیە دیاردەی ئەو سەروەریەتیەن.

هەروەها دکتۆر گونتەری ڕۆژنامە نوس و لێکۆلەرەوەی ئەلمانی دەلێن:

لە ڕۆژەکانی سالانی ١٩٧٩ دا لە وەرزێکی بەهاردا چاوم بڕیبووەوە ڕێ و ڕەسمی بە خاك سپاردنی بارزانی نەمر ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەو حەمکە جەماوەرەی بۆ بە خاك سپاردنی مرۆیەکی ئاوا هاتوون بۆ ئێرە ئەمە بۆخۆی دیاردەیەکە بۆ ئەوەی کە هاتوون تەرمی ئەو مرۆیە مەزنە بنێژن و ڕێزی لێ بنێن و مال ئاوایی لە گەورەترین سەرکردەی عەسکەری و سیاسی خۆیان بکەن.

نەمر پیشەوا قازی موحەممەدیش دەلێت: مەلا مستەفا بارزانی خۆشەویستی نەتەوەی کوردە و مایەی شانازی ئێمەیە ، سالەهایە کەشەڕی دوژمنانی کورد دەکاتن و هەرگیز چۆکی بەرامبەر دوژمنانی کورد دانەداوە، لەم ڕۆژانەدا بیستومە کە کەمێ لێمان نگەران بووە، ئێمە مەلا مستەفا بە خاوەنی هەموو شتێك دەزانین و ئەمڕۆ مەلا مستەفا پێشڕەوی بزاڤی کوردایەتیەو برای خۆشەویستمانە، بۆیەکە زۆرمان پێ ناخۆشە کەمەلا مستەفابارزانی لێمان بڕەنجێت

هەرواها گوتویەتی کە ئێمە مەلا مستەفا بارزانی بە پێشڕەوی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەزانین و تەواوی کوردستان مالی خۆیەتی.

هەروەها شاعیری مەزن و فەیلەسوفی کورد هەژاری موکریانی لە کتێبی بارزانی دا دەربارەی ئامانجی بارزانی دەلێن:

بۆ کوردستان خۆشەویستی نە من و یەنم دیوە نە کەس، ئەوپەڕی ئاواتی بارزانی دا پێکهاتنی کوردستانی سەر بەخۆ بووە، خودموختاری بە پەیژەیەك دەزانی بۆ سەرکەوتنی سەربانەوە.

هەژار دەلیت ڕۆژێك لە گەل بارزانی نەمردوو بە دوو بووین من گوتم: کورد دەولەتی هەبێتنناتوانێبیدارەی بکاتن چونکە بواری کەناری دەریامان نیە! هەژار دەلێت ئەوسا بارزانی فەرمووی: قسەی سەیر دەکەی شەرەفنامەشت وەرگێڕاوە و ئەمەش دەلێیت؟چۆن نازانی لە لایك تەنگەی هورمز و لە لایەك ئسکەندەرۆنە کوردستانە و لە دوو لاوە پالما بە دەریاوە داوە؟؟ هەژار دەلێن بارزانی دیباچەکەی ئمەم و زینی ئەحمەدی خانی بە سەر مەشقی خۆی دەزانی و لە بەری بوو بە تایبەتی گەلێك جاران ئەم دوو بەیتەی دەخوێندەوە:

گەردی هەبوایە مە ئیتـــــحادەك　　ویکـــــرا بکرامە ئینقیادەك

تورکو عەرەب و عەجەم تەمامی　　هەمیان ژمەرا دەکرد غولامی

بەلێ کەسایەتی بارزانی نەمر جێگەی خۆی گرتووە، دەبینین کە بە سەدان نوسراوی بە پێز و شیعری نیشتمانی و شۆڕشگێڕی و دلسۆزی بەرامبەر ئەو قارەمانەمان لە ناو دل و دەروونی کوردانی دلسۆز و خاوەن وەفاو پێشمەرگەی کوردوکەسایەتی کوردو شاعیران دا هەلقولاوەو زۆر بە دلسۆزانەو ڕەوایانە بەو قارەمانە هەردەم زیندوویان هەلگۆتووە، دەبینین شاعیری گەورەو مەزنی کورد پیرەمێرد لە کاتی پەڕینەوەی بارزانی نەمر لە چۆمی ئاراسەوە دەلێن:

عەشرەت هاوارە عەشرەت هاوارە
کەوتومە ئاراس ئاو بێ بوارە
ڕێم نیە منیش شوێن ئەوان کەوم
پیرم هەنگاوێك بنێم نەکەوم
لێرەش وا کەوتووم بەدەم دەردەوە
لە ئێشی دووری و ئاهی سەردەوە
دکتۆر دەوای تۆم ناوێ لێم گەڕێ
بەلکەم بە ئاهم دەوران وەرگەڕێ
یا وا وەرگەڕێ نێلم سەرکەوێ
یازرمەی تۆپی زەڕڕەی بەرکەوێ
ئەوساکە دوعای من وا گیرابێ
لە خانەی خاکا ئاواتم نابێ
ئینجا تەلقینم بدەن بە کوردی
بلێن ئاواتت هاتە جێ و مردی

www.kurdistannet.org
10/05/2003 12:43

له چاو پێكه‌وتنێك له لایه‌ن جه‌زا چنگیانیه‌وه له وتارێك دا به ناوی بزوتنه‌وی كوردو كه‌سایه‌تی بارزانی نه‌مر له گه‌ل(ئه‌لێكسه‌نده‌ر ڤیكتۆره‌ڤیچ)كه جه‌نه‌رالكێ ده‌زگای( كا - گێ-بێ)ی ڕوسی بووه‌و له بارزانی به هۆی پێ سپاردنی كارو باره‌كان له‌و ده‌زگایه‌وه نه‌زیك بووه ،ئه‌م ژه‌نه‌راله كتێبێكی نوسیوه كه‌به ناوی (شاندێكی نهێنی بۆ ڕۆژهه‌لاتی ناوه‌ڕاست ) كه دكتۆر ئه‌فراسیابی هه‌ورامی كردوویه به كوردی و له‌چاو پێكه‌ونێكه‌وه له وه‌رامی پرسیارێك ده‌رباره‌ی بارزانی نه‌مر وا ده‌لێێ:

له‌به‌رچی من له سه‌ر بارزانیم له‌م په‌ڕتوكه‌م دا نوسیوه؟و ده‌لێت زۆر ئاشكرایه كه بازنی یه‌كێكه له پیاوه مه‌زنه‌كانی كورد كه تا بلێی هوشیارو چالاك و سه‌ركرده‌یه‌كی نه‌ته‌وه‌یی بوو،ئه‌و خاوه‌نی كه‌سایه‌تیه‌كی ساده نه‌بوو بۆیه كه هه‌ر ئاوا به ئاسانی ناتوانین ته‌نیا له لایه‌نه‌كه‌وه له سه‌ری بدوێین)ده‌لێت(بارزانی ماوه‌ی ٤٠ سال خه‌باتی كردووه و تێكۆشاوه و هه‌ول و خه‌باتی ئه‌ویش ئه‌وه‌نده ساده نه‌بووه كه هه‌ر وه‌ها به هاسانی لێی بدوێین ئه‌وه‌ش بۆچ؟چونكه گرفتی خه‌لكی كورد په‌یوه‌ندی به بابه‌تێكه‌ویه‌هه‌یه كه گشت كێشه‌كانی مرۆڤی پێیه‌وه به‌نده ، كه ئه‌ویش نه‌وته (پترۆل) نه‌وتیش یانی به‌رژه‌وه‌ندی، كوردستانیش كه كانگای ئه‌م كالایه به نرخه‌یه ،خه‌باتكردن بۆ كوردستان گالته نیه ،ئه‌ركی مه‌لا مسته‌فا له نێوان چاو چنوكی زلهێزه‌كانی جیهان و مافی كورد و خه‌باته‌كه‌ی ئه‌ركێكی ئه‌وه‌نده ئاسان و سه‌رپێیی نه‌بووه ،ڕاسته كه مه‌لا مسته‌فا ڕوو به‌ڕووی ڕژێمه‌كانی عێراقی بوه‌ته‌وه به‌لام له پشت ئه‌وانه‌وه كۆمه‌لێك له به‌رژه‌وه‌ندیه‌كان هه‌بووه كه په‌یوه‌ندی به زلهێزه‌كانی جیهانیه‌وه هه‌بووه و زلهێزه‌كانیش به سۆڤیه‌تیشه‌وه له سه‌ر ئاستی به‌رژه‌وه‌ندیان په‌یوه‌ندیان به بارزانیه‌وه ده‌كردو ده‌یانڕوانیه گرفتی كوردی،هه‌ر له دوای ڕمانی كۆماری مه‌هاباده‌وه بارزانی گه‌یشته لای ئێمه‌وه ،ئێمه گه‌لێكمان هه‌ول دا كه بارزانی بۆ به‌رژه‌وه‌ندیه‌كانی خۆمان به كار بهێنین،له پێش گه‌ڕانه‌وه‌شی بۆ كوردستان و عێراق گفت و گۆمان له گه‌لادا كرد بێگومان له زۆربه‌ی گفت و گۆكان دا من ئاماده ده‌بووم،گفت و گۆكانی ئێمه‌ش به نیازی ئه‌وه‌ی بوو كه بارزانیی بكه‌ین به ده‌ستێك بۆ به كار هێنانی به‌رژه‌وه‌ندیه‌كانی خۆمان و وه‌ك دوژمنی ئیمپریالیزم و سه‌ركرده‌ی میلله‌تێك كه خاوه‌نی كانگای پترۆلن به كار ببه‌ین،به‌لام هه‌میشه مه‌لا مسته‌فازۆر زۆر هوشیار بوو و هه‌موو جارێك وه‌لامی پرسیاره‌كانی ئێمه‌ی ده‌دایه‌وه و ده‌یگوت:من ئاماده‌م پاره و چه‌كتان لێ وه‌ربگرم و هاوكاری سیاسیشتان له گه‌ل دا بكه‌م به مه‌رجێك كه ئێوه‌ش به‌رژه‌وه‌ندی كورد بپارێزن،واته ده‌بێ ئێوه‌ش وه‌ك زلهێزێك به‌لێنم بده‌نێ كه كۆمه‌كی شۆڕشی كوردو ئامانجه‌كانی ده‌كه‌ن ئه‌و ژه‌نه‌راله ڕوسه ده‌لێێ،ئه‌و داش به داشه‌ی بارزانی له لایه‌ن ئێمه‌وه هوشیاری دیبلۆماسی ئه‌و پیاوه واته بارزانی نیشان ده‌دا ،ده‌لێت من زۆر له بارزانیه‌وه نه‌زیك بووم ئه‌ركی سه‌ر شانم بوو كه چاوه دێری لێوه بكه‌م،ئێمه واته ڕوسه‌كان پێش شۆڕشی ئۆكتۆبه‌ریش هه‌ر له كۆنه‌وه چاوی ته‌ماعمان بڕیبوه كوردستان،به تایبه‌تی له‌و ساتانه‌وه كه زانیبومان كوردستان خاكێكی پڕ له كانی نه‌وته ،بێگومان ئه‌مه ته‌نیا چاو تێ بڕینی ته‌ماعی ئێمه نه‌بووه بۆ كوردستان به‌لكو زلهێزه‌كانی تریش هه‌ر به هه‌مان شێوه‌وه‌بوونه ،بۆیه‌كه خه‌بات كردن بۆ وه‌لاتێكی ئاوا پڕ له پیترۆل زۆر زه‌حه‌ته ،بارزانی كه پاله‌وانی سه‌رده‌می خۆی بووه و هه‌روه‌ها میراتگری سه‌ركرده‌كورده‌كانی پێشوش بووه ،به‌لام بارو دۆخی ڕۆژگارانی بارزانی گه‌لێ دژوارتر له‌وانه‌ی پێشوو بووه ،له به‌رچیش ئه‌مه وا بووه؟ ئه‌و جه‌نه‌راله ده‌لێێ:چونكه له سه‌رده‌می بارزانی دا كالای پیترۆل كالایه‌كی ئیستراتیجی نێو ده‌وله‌تان بوو،بێگومان ئێستاش هه‌روایه ،ده‌لێ:بارزانی زۆر هوشیار بوو كارێكی وای نه‌كرد كه ته‌واوی گه‌له‌كه‌ی خۆی بسوتێنێ،ڕاسته بارزانی سه‌ركرده‌یه‌كی سه‌ربازی بوو، به‌لام له

بوارەكانی تریش دا توانای هەبوو، ئەو جەنەراله دەلێن: وەك باسم كرد لە گەل ئێمە دا دەیەویست داش بە داشی بەرژەوەندی ئەنجام بداتن، ئەمەش بۆ خۆی كارێكی دیبلۆماسیانەیە. من بە هۆی پەیوەندی و نەزیك بوونمەوە لە بارزانی دۆستایەتیەكمان دروست كردبوو كە زۆر جاران بە خۆی داوای منی دەكرد كە لە پەڕتوكەكەم دا ئاماژەم پێ كردووە.

بەلێ دەبینین لە كاتی ئاوارەیی و دەربەدەری بارزانی نەمر لە سەر گۆتەی جەنەرالی بالا دەستی ڕووس چۆن باسی لێوە دەكرێن، كە بازانی هەرچی كە كردبێتی لە پێناوی گەل و نیشتمانەكەی خۆی و ڕزگاری گەلە هەژارەكەی خۆیەوە بووە، ئەمە بۆخۆی نیشانەی گەورەیی و لێ هاتوویی و دلسۆزی سەركردەیەكی نەمری وەك بازانی هەمیشە زیندووە.

هەروەها شاعیری كورد دەشتی نەمریش لە سالی چلەكانەوە شیعری بە سەر شۆڕشی بارزان دا هەلگوتووە دەلێت

ئەی بولبولی كوردی

ساقی وەرە یەك بادە شەڕابت بدە مادەم
واجیب بە مەلەك وەسلی تۆبووەسوجدەیی ئادەم

ئەگریجەو و زولفی تۆ وەكو لە شكری كوردن
یەك تاجی وبیسالت بە بەریتانیە نادەم

سەد مەرگە لەهەر لەحزە كە فرمێسكی دوچاوم
جاڕی بەوەلەندەن غەمی دل سا بەچی لادەم

هیجرانی من و سەیتەڕە و زولمی ڕەقیبمە
لاسلكیە بۆ دەنگی هەلا و دەم بە هەوا دەم

گەر خونچەیی وەسلی تۆ سحەر بێتە تەبەسوم
بۆ ناوی شیووعیە لە سواریوە پیادەم

هەركەس بە بەرزی وەتەنی یارانە نەنازێ
نازی نیە جەژنی ئەوە هەر شەككەر و بادەم

قەددت عەلەمی كوردە لە سەر گردە بناری
بۆ نوسرەتی بارزانە كە دوژمن بە فەنادەم

دەستووری دیموقراتیە شومشیری دوو ئەبرۆت
موستەعمەرە بۆبێ لە جەفا كەوتە سەفادەم

ئەی بولبولی كوردی وەرە نێو باغی تەحەڕوڕ

نالەی تووە دەشتی بە هەموو دەم لە نەوادەم

*

وە دەبینین ماموستای گەورەی کورد هەژاری دانیشمەند و نەمر کە ماوەی ژیانی خۆی لە ڕێگەی خزمەت بە کوردایەتی تەرخان کردووە وەك ماموستاو هێژایەکی زاناو دلسۆزی کوردو کوردستان دەلێن:

بارزانی پالەوانی کورد

هیوای پیرو جەوانی کورد

خەبەریان پێ دام تۆ مردووی

بە دیمەن لە بەر چاو ون بووی

من دەزانم تۆ نامری

تۆ لە مردن بە هێزتری

هەر لەم شیعرە دا لە شوێنێکی تردا دەلێت:

بارزانی شیست سالی ڕەبەق

جێ خەوی تاشە بەردی ڕەق

بە شاخ و شکێرانەوە

بە بەندەن و لێرانەوە

لە غوربەت و دەربەدری

غەمخۆر و لە خۆشی بەری

بۆ گەلی کورد چەوسایەوە

قەت تاوێك نەحەسایەوە

بەرەو ئازایەتی هان داین

ڕێگەی پیاوەتی نیشان داین

دوژمنی بۆ بێ هێز کردین

تاریکی لە سەر لا بردین

مانگی عاسمانی کوردانە

بێ ئاوا بوون و نەمان

ئەوانەی بە مانگ دەوەڕن

لە ڕاست لۆمەی ویژدان کەڕن

زۆر بە درێژی لە سەر ئەو شیعرە دەڕاوت و لە شوێنێکی تردا دەلێن:

بارزانی بابی هەژاران

هەتوانی دل برینداران

شیوەن شایانی تۆ نیە

ئەسرین ڕشتن چی بۆ نیه

من بۆ دەربڕینی هەستم

پەیمانت دەگەل دەبەستم

تا دەمرم پێت وەفا داربم

چۆن بووم هەرهەمان هەژاربم

بارزانی پالەوانی کورد

هیوای پیرو جەوانی کورد

خەبەریان پێ دام تۆ مردووی

به دیمه له بەر چاو ون بووی

من دەزانم تۆ نامری

تۆ له مردن به هێز تری

*

ئەم شیعره مەزنەی شاعیر و دانیشنەمەندو گەورەپیاوی کوردو وەفادار به بارزانی نەمر بەیادی ڕۆژی وەفاتی بازانی نەمر ی نوسیوەو بۆ خۆشی له سەر گلکۆی بارزانی نەمر لەکاتی به خاك سپاردنی تەرمی بارزانی نەمرله شنۆله سالی ١٩٧٩دا که دەریابێ له خەلکی کوردی هەژارو دلسۆز و وەفاداری مستەفا بارزانی تا چاوت هەل دەبڕی جەماوەری کوردی ئەم دیوو ئەو دیو کۆبووبوونەوەو مال ئاوایيان له سەرکردەی خۆیان بارزانی نەمر دەکرد هەژاری نەمر ئەم شیعرەی خوێندەوه که پڕیەتی له خۆشەویستی و دلسۆزی و وەفاو بۆ خەباتی سالەهای سالی بارزانی نەمر، هەژاری وەفاداری ڕێبازی بارزانی له زۆر شیعری تری دا باسی سەرووەریەتی و گەورەیی و کەسایەتی ئەم ڕابەرەمەزنەمان بارزانی دەکاتن و پێی دا هەل دەلێتن و شانازی پێوه دەکاتن .

هەروەها ماموستای شاعیرو دلسۆز و وەفادارو پڕ له هەستی کوردایەتی ماموستای هێژا کاك خالید ئاغای حیسامی که نازناوی( هێدی)یه له شیعرێکی له سەر بارزانی دا زۆر به دوورو درێژی باسی سەرووەریەتی و وەفاداری و خەبات و تێکۆشانی سالەهای سالی ئەم سەرکرده نەمرەمان بارزانی دەکات و زۆر به تەڕ و ناسکی و خۆشەویستی ئەو ڕێبازه نەمرەی ئەو سەرکردەیه قارەمانه هەل دەسەنگێنێ و باسی لێوه دەکاتن و که ئەو هێژایەش گەلێ شیعری بۆ بارزانی نوسیوەو لەم شیعرەی دا زۆر سەربەرزانەدەلێت:

له دلم دا بوو له گـــــەلــــت بدویێم

بێنمەوه گۆڕێ خــــەمی کۆن و نوێم

له گـــــــزی و چــــەپۆکی زۆردار

له گەلی دەربەدەرو ڕووت و هـەژار

هەست ئەگەر هەستێ بداتەدەستم

کـــاروانی له مەبەست ڕابەســـــتم

پەردە وا دێن و له لام ڕا دەبــــــرن

ئەوەی دل خــوازی منن خـۆ دەگرن

جـــا خەیالم دەوێ خۆی نەبوێرێ

بێت و لەو ناوە یەکــــــێ بژمێرێ

گەر لەوە دەرفــەتی مەیدانێ نەبوو

دەمێ بماتەوە چاخی پێشـــــــوو

شاعیری بەڕێز و هێژامان هێدی بە درێژی لە سەر بارزانی دەدوێ و باسی سەروەریەتی و گەورەیی و لێ هاتوویی قارەمانەتی و ماندو نەناسیەتی بارزانی نەمر دەکاتن پاشان لە شەوێنێکی تری ئەو شیعرە بلندە دا دەفەرموێ و دەلێن:

بارەگـــای ڕێبەری کـــــورد والێرە

بارەگام گوت کەچی لانی شـــێرە

بن تەڕاشــــــێکی ئەگەر ســاکارە

شـــــەرەف و گەوریی لێــوە دیارە

کام چیا بەرزە لە ســــەر ئەو عەرزە

سەری ئەو ســەرووەرە هێــندە بەرزە

ئێســـــــتە دەڕوانم و تۆ نابیــنم

دێ و ســــــۆمایم ئەبا ئەســـرینم

زۆر بە درێژیە پەرۆشــەوە لەم شیعرە نەمرەدا باسی بارزانی دەکات وپاشــان دەلێن:

پێم دەلـێن بێم ئەوە ســـال نوێ بووە

بگرم کــــــــۆڕێ بە یــادی تۆوە

دێم هەتا دەستــێ بە سەر خۆما دەم

تۆ لە یـــادم ئەچی؟ تا یـــادت کەم؟

ســـەردەمێ بـووی و بە تـۆوە نازیم

تۆ کە چووی ڕۆیی هەمـوو شــانازیم

بۆ تۆ من هێنــــدە نەبێ نێمـــە وەلام

کۆسپی ڕێ گەرچی گەلێـك زۆرەبەلام

شەرتەمن دەســت لەوەفات هەل نەگرم

هەر لە ســــــەر ڕێی تۆ بڕۆم و بمرم

بەلێ شاعیرو ماموستاو خۆشەویستمان کاکە هێدی بەو شێوە ڕەساو بلندو پڕ لە هەستی شاعیریەتی و دلسۆزی و وەفا بۆ ئەو سەرکردە مەزنە کوردە بەوپەڕی دلسۆزیەوەبە خۆشەویستی گەلی کوردو سەرووەرو مەزنی کورد بارزانی دا هەلدەلێت ە باسی دەکاتن.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

به سەدان شاعیرو کەسایەتی و گەورەپیاوان بە بارزانی نەمریان دا هەلگووتووە ،خۆ دیارە ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی بارزانی نەمر گەلێ لەوەش زیاترە کە مرۆ بتوانێ هەموو بهێنێتە سەر باس و خواس و بە چەند لاپەڕەیەك ئەو شەست سالەی خەباتی بارزانی نەمر لەم سەد سالەی بارزانی دا هەل سەنگێنێ و پڕ بە پێستی خۆی مافی خۆی بدرێتێ ،دەبێ خەباتی بارزانی نەمر بە سەدان ڕۆمان و هەزاران وتارو شیعرو نوسینی لە سەر بنوسرێتن، گەورەیی و خەبات و تێکۆشانی ئەو سەرکردە قارەمانەو مەزنەی کورد ئەوەندە گەورەیە کە هەتا هەتایە جێگەی شانازیمانە بوونی بارزانی هەر لە سەرەتای سالانی بستەکانەوە لەو هەموو شۆڕش و بەرخودان و سەرکەوتنەکانەوە ،لە کۆمارە ساواکەی مەهابادی خوێناو ی قوربانی دانی هەزاران ڕۆلەی قارەمان و پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەیەتی بارزانی نەمر و ،بڕینی ئەو ڕێگە پڕ لە مەترسی و دوورو درێژەی نێوان سێ هێزی داگیرکەران و پەڕینەوەی بارزانی نەمر و هەڤالانی لە چۆمی ئاراس و لە دوای شەڕو شۆڕێکی سەخت و پڕ لە هێرش و پەلامار دانی دوژمنان و دەرچوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆخۆی دەبێ بە دەها فیلمی پڕ لە نرخی بۆ دروست بکرێت و وەك سەرچاوەیەکی خەبات و تێکۆشانی میللیمان ببێ بە شانازی هەمیشەیی و قارەمانەتیەتی بارزانی نەمرمان کە توراسیێکی ئەوەندە گەورەیە جێگەی شانازی هەتا هەتایەی گەلی کوردە ،هەروەها ژیانی لە دووری وەلاتان و لە ناو ئۆردووی سۆڤیەتی ئەو ڕۆژگارانە بۆ خۆی جێگەی دەها ڕۆمان و نوسین و فیلمی بەنرخی لێوە دروست دەکرێتن،گەڕانەوەی پڕ لە شانازی و ئەو پێشوازیە مەزنەی سالی ١٩٥٨ بۆ باوەشی دایکی نیشتمان کە بە چە ڕێزو خۆشەویستیەکەوە گەڕایەو ناو خەلکی خۆی و بوو بە ڕۆگەی خۆشەویستی و سەرچاوەی خەبات و تێکۆشانی ئەو سەرکردە خۆشەویستەو نەمرەمان،هەر لە سەرەتای داسەپاندنی شەڕ بە سەر گەلی کورد و هەلگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بارزانی نەمر وەك ڕابەرێکی لێ هاتوو ورە بەرزو شارەزا سەرکردایەیتی ئەو شۆڕشەی گرتە ئەستۆ و بە یانی ١١ ئازاری ١٩٧٠ بە دوژمنان مۆر کردو چۆکی بە داگیرکەرەکان دا هێناو گەلی کورد لەو سایەدا بە ئۆتۆنۆمی شاد بوو و تا ئەو کاتە کە دیسان زۆردارەکان شەڕیان دا سەپاندەوەو دانیان بە کەرکوکی کوردستانەوە نەناو بارزانی نەمر فەرمووی کەرکوك دلی کوردستانەو گەر دلیش نەبێتن ژیان نابێتن، تا ئەو کاتەی کە داگیرکەرەکان لە ئەلجەزیرە یەکیان گرت و جارێکی تریش خەنجەرێکی ژەهراویان لە پشتەوەڕا لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن داو ،بارزانی وەك سەرکردەیەکی لێ هاتوو بڕیارێکی حەکیمانەی داو تەنیا بۆ ئەوەی گەلی کورد تۆش بە کارەساتەکان نەبێتەوەو ئاوارەی دوورە وەلاتان بووین و بەلام گیانی پاکی کوردایەتی و شۆڕش و بەرخودان هەر مایەوە لە ٢٦ گولانی سالی ١٩٧٦ دیسان پێشمەرگە دلێرەکان لە سەر بڕیاری بارزانی نەمر کەوتنەوە شاخەکانەوە و ئالای شۆڕشی گولانی پیرۆز لە ناو لێڕ و چیاو دەربەندەکانی کوردستانەوە دیسان بەرز بووەوە و بە گیانی پاکی لە خۆ بۆردووی و قارەمانەتی شۆڕشی گولان سەرکەوتوانە مایەوەو تا کۆچ ڕەوە مەزنەکەی ١٩٩٠ کە دیمان گەلی کورد بە تێکڕایی گوتیان کوردستان یانەمان.

داخەکەم لە ١,٣,١٩٧٩ بارزانی نەمر گیانی پاکی بە خاك سپاردو وەفاتی فەرموو کە ئەمەش بوو بە خەم و ئازارێکی زۆری ناو دەروونی گەلەکەمان و وەفادارانی ڕێبازی بارزانی نەمر .

بەلام بازانی هەرگیز نەمردووە ئەمڕۆش ئەم هەلەی کە لە ئارا دایە هۆکاری خەبات و تێکۆشانی سالەهای سالی بارزانی نەمرە کە گەلی کورد بەم ڕۆژە و ئەم هەلە پیرۆزەی وا شاد بووە .

ئەوەشمان دیت کە تەرمی بارزانی چەند بە زیندوویی سەربەرزی گەڕایەوە ناو زێدی خۆی و کە تەواوی خەلکی کوردستان تەرمی بارزانی نەمریان و سەرکردەی جوانەمەرگمان کاکە ئیدریس بازانیان چەندە بە ڕێز و خۆشەویستیەوە لە باوەش گرت و چەندە بە ڕێز و پڕ لە گیانی گەورەیی سەری نەوازشمان بۆ نواندن و چەندە بە شانازی و سەربەرزیەوە تەرمەکانیان لە ناو دل و دەروون و سەر شانی خەلکی کوردی ستەم دیدەو چەوساوە چۆن باوەشیان بۆ قارەمانان کردەوەو چەند بە هێژایی و مەزنیەوە بەرەو مەزاری پیرۆز و هەواری دێرنیان بارزانی قارەمانان بردو لەو مەزارە پیرۆزە چەند بە شکۆ داریەوە بە خاك سپێردراو بە هەزاران هەزار سلاو ڕێز و سەری نەوازش بۆ گیانی پاکی بارزانی دەڕۆیشت و کەئێستاش بووەتە ڕووگەی هەموو کوردێکی وەفادارو دلسۆز بە خاك و نەتەوەکەی و هەتا کوردێکیش مابێ و جیهان لە خول دابێتن بارزانی هەرگیز نامرێتن و هەردەم زندووە و هەمو کوردێکی دلسۆز ڕوو لە بارزانی دەکاتن وکرنوشی بۆ دەین و منیش لە گەل یارانم دا دەلێم:

ورەی بەرزی کوردایەتی و هەستی پاکت
نیشـــــانەیە بۆ ڕزگاری گەل و خاکت
وەفـــــاو پاکی لە ڕێبــازی بلندی تۆ
شـــــانازیە بۆ هـــەڤال و یارانی تۆ
بارزانیـــــە لوتکەی بەرزی کوردایەتی
بارزانیە شـــــــۆرەسواری مەردایەتی
هەر کوردێکی بۆ بـــارزانی وەفای نەبێ
ئەو کورد نیەو بۆکوردستانیش قەت نابێ

هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان گیانی پاکی نەمری بارزانی هەردەم لە یادمان
هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی کاکە ئیدریسی جوانەمەرگوماندو نەنەناسی ڕێگەی بەرزی کوردایەتیمان.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

# بارزانی نامری

## 1903 - 1979



هۆ بارزانی
ئەی قارەمان
ئەی سەرچاوەی
خەبات و ژیان
تۆ سەروەری
کوردستانی
تۆ ڕابەری
بەرزی ژیانی
ناوی مەزنی
تۆی سەرکردە
لە ناو دڵی
هەموو کوردە
هەتا جیهان
لە خوڵ دابێ
گەورەیی تۆ
قەت ون نابێ
ڕێبازی تۆ
شانازییە
بۆ گشت کوردێ
سەربەرزییە
هەتا دەمرم
پەیمانم بێ
ڕێگەی مەزنت
ئاواتم بێ
ئەی بارزانی
چاوی کوردم
ئەی سەرکردەی
هێژاو گەورەم
مزێنشەرگەی
ڕێبازی تۆم

وەفادار
باوەڕی تۆم
هەتا دەمرم
یادت دەکەم
هەرگیز ناوت
لەبیر ناکەم
ئەی بارزانی
گەورە و نەمر
ڕوگەی منی
غەریب و دوور
تۆ هەرماوی
لە ناو دڵان
وەکو گوڵی
لەسەر چڵان
ئەتۆ هێژا و
هەر سەروەری
هەرگیز نامری
کوڕی سەروەری
ئەتۆ لوتکەی
بەرزی ژیانی
ئەتۆ زیندووی
قارەمانی
بۆ کوردستان
خۆت بەخت کرد
ناوی کوردت
هەر بەرز کرد
گوتت هەرگیز
کورد نامری
دەبێ مافی
کورد بسەندری
ئەتۆ پاکی
هەر ڕابەری
جوانتر لە گوڵ و
گشت گەوهەری

بەیادو بیرەوەری پەنجاو دوو ساڵەی داستانەکانی مەهابادی خویناوی ولێوارەکانی چۆمی ئاراس وئەو هەموو قارەمانێتیەوخۆ بەدەستەوە نەدانی بارزانی نەمرو هەڤاڵانی و چوونی بۆ یەکێتی سوڤیەت و لە ناو بردنی نیازەکانی داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنان ، پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی کە تا دوا هەناسەی ژیانیان بۆ کوردو کوردستانیان دەژین و لە ریبازی بارزانی نەمر هەرگیز لانادەن و چاوی داگیرکەران و نەیارانی کورد وکوردستان وەهەمیشەیی پاکی بارزانی نەمرشادەکەن و ... خۆیان بەخت دەکەن و کوردستانیان لەهەموو شتێ لەمەزنترو پیرۆزترە ... ڕاستەقینەی کوردو کوردستان.

بیرەوەری پەنجاو دوو ساڵەی مەهابادی خویناوی ولێوارەکانی چۆمی ئاراس.

پۆستەرە شیعری ئەحمەد دەشتی 1999 بەرلین- هەندەران

www.kurdistannet.org
10/05/2003 12:43



# رەمزی کورد

## ئەحمەد دەشتی

که ئەستێرەی خۆشەویستی
هەڵدەرژێت و لەبار دەچێ
چی ڕوناکی سەر زەمینە
دا دە تەکێ ولە ناو دە چێ
کە ڕوبارێ گڕ دە گرێت و
کەناری خۆی ڕادە کێشێ
چی کانیاوی دەور و بەرە
بەرە و ووشکابی هەل دە کشێ
کە بارانی سەرکێڵگەو چیا
لە داکەوتن دا دە کەوێ
چی گولە گەنمی تەبارانە
وە سەربرینیا دا دە خەوێ
کاتێ خۆری ئەم سەدە یە
پەڕ و بالی خۆی ناوێژێ
چی لاوك وچی سترانە
گڕوگلپەی دادە مرکێ
کاتێ ووشەی خۆشەویستی
سیس دە بێت و هەلدەوەرێ
چی داستانی عیشق و ژانە
لە نا ئومێدی دادەبارێ
کاتێ ئەلقەی زە وی و ئاسمان
لێك دە ترازێن گول دە وە رین
ژیان دەڕوابەرەو نەمان
هەمووشتێ لە یاد دەکرێن
تۆبارزانی ئەی قارەمان
خۆشەو یستی گشت سەروەران
هەرگیز نامری لەناو دلان
ڕووگەی دلی کورد پەروەران
ئەتۆ تەنیا ئەستیرە نیت
کە ئاوابووی لە خاکە کەم
بێ رونا کی وبێ سەوزابی
بمێنەوە وەلاتەکەم
تۆ ڕوبارنیت کە هاژەت نێت
کەنارەکانت ووشك کەن
تۆباران نیت کەنەباریت
گول وگیا خاپووری کەن

تۆ ئەی هەلۆی بەرزە فڕی
لوتکەی بلندی چیای پیریس
شینە شاهۆی دەشتەکان و
دۆندی جوانی کێوی زاگڕوس
ئەی پێشمەرگەی کوردستانم
شۆڕە سواری دەشتی هە ولێر
ئەی سەروەری گشت کوردستان
ڕۆلەی مەرد ومیرانی شێر
ئەی هەتوانی زامی کوردم
ئاسۆی بەرزی کوردە واری
ئەی سەربەرزوجێی شانازی
هیوای ڕوونی لێوبەباری
خۆرە تاوی دە شتی گەرمیان
گڕی سووری بابە گوڕگوڕ
ئەی بارزانی سەروەری کورد
ئەی شەهیدی دل پڕ لە نوور
ئەی پالەوان مەرد و دلێر
مەرزی سووری کێوی حەمرین
ئەتوێ گمۆ و کێوی مەتین
ئەی هە لگورد و بە رزی سەفین
ئەی بارزانی رەمزی کوردان
تێنووی ڕۆژی سەربەستیمان
ئەی خەنجەری سەربرینی
داگیرکەری کوردستانمان
ئەی بارزانی چاوی کوردان
بە کۆچی تۆ نەك کوردستان
ڕەش دەپۆشێ بە دلی بریان
هەرچی مەردە دێتە گریان
هەرکێ مرۆیەو خۆی سەروەرە
کی ڕابەرە و کورد پەروەرە
بە یادی تۆ دەخزی بۆ لای
ئەوگلکۆیەی تۆی لە بەرە
کڕنووش دەبەن بۆ تەرمەکەت
بۆ هەوارە سەربەرزە کەت
لێت فێر دەبن مەردایەتی
لەیاد ناکەن ڕێبازەکەت

هۆبارزانی کە تۆ هە بووی
سەرکەوتنی کورد دیاربوو
داگیرکەرانی کوردستان
خڕچەواشەو زە ندە ق چووبوو
کە کۆچت کرد هەرچی مەردە
هەرچی دەرودەشتی کوردە
بەدل وبەگیان لەیادی تۆ
گوتیان نامری قەت لەم هەردە
درە ختانم وەدی دەکرد
دەست بەسینەڕوولە حەواوە
لێم دەپرسین چی ڕووی داوە
دە یانگووت کەکۆچی هە تاوە
ڕوبارانم وەدی دە کرد
لەسەرشەپۆلا وەستابوون
پرسیم کوانێ هاژەی چەمتان
گوتیان کۆچی بەهارەوکپ بوون
چیاکانم وەدی دەکرد
وەسەر بریان ڕاوە ستابوون
پرسیم کوانی سەوزە ی جوانتان
گوتیان لەبێ تاوا سیس بوون
دە هاتم وبە دلی بەخەم
لە دە رگای ئاوارەم دەدا
دە یان گوت چی وا ڕووی داوە
بۆچی وا ڕۆژ کز دیاردە دا؟
هاواری کورپەکم دە بیست
لە سەر کۆشی دایکی ڕە شپۆش
لە تاو کۆچی خۆرەتاودا
لە غوربەتا ببو بێ هۆش
لە نامۆبی و لە دووری خاك
بە ناله نال چاو بە گریان
لە تاو ژان و برینانمان
دەتوایەوە بە دلی بریان
هاواری بوو تۆ نامری
هەرسەروەری ئەی بارزانی
ئەتۆ هەلۆی کوردستانی
خۆشەویستر لە دل و گیانی

پێشکەشە بە گیانی پاکی ئەو سەرکردە کوردە قارەمانەمان بارزانی هەردەم زیندوو و قەت نەمردووەمان